# نێچیرڤان بارزانی: هیوادارین ئێم هەڵبژاردنە سەرەتایەکی بێت بۆ عێراقێکی فیدراڵ

سەرۆکی هەرێمی کوردستان ، نێچیرڤان بارزانی دوایی دەنگدانی و لە کۆنگرێیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند: هیوادارین ئێم هەڵبژاردنە سەرەتای قۆناغێکی نوێ بێت بۆ گەلی عێراق چونکە گەلی عێراق شایستە ژیانێکی باشتر و شایستەترن.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند :جیاوازیەکی یەک خاڵە عێراق لەرێیی ئەمنی وسیاسی وئابووریەوە هەنگاوێکی باشی ناوە وهیوادارین ئێم هەڵبژاردنە سەرەتایەکی نوێ بێت بۆ هەرێم و عێراق و هیوا سەرکەوتن بۆ دەخوازین

نێچیرڤان بارزانی ڕاگەیاند: کەشی هەڵبژاردن بارودۆخێکی تایبەتی هەیە و پارتی گفتوگۆ لەگەڵ هیچ لایەنێک ڕەت ناکاتەوە.

نێچیرڤان بارزانی ڕایگەیاند کە :ئەمە ڕۆژێکی دیکەی دەنگدانە بۆ ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق. ئێم پرۆسەیە پرۆسەیەکی گرنگە و پێم وایە ئێم هەڵبژاردنە یەکێکە لە گرنگترین هەڵبژاردنەکان کە تا ئێستا لە عێراق کرابێت.

ئاماژەی بۆشدا بابەتی دەنگدان مافە و بەرپرسیارەتییەکی گەورەش. هیوادارم هەموو کەسێک لە عێراق ئێم بابەتە بە گرنگ سەیر بکات، لە کاتێکدا عێراق کۆتووەتە سەر ڕێچکەیەکی دیموکراسی. گرنگە هاووڵاتییانی عێراق و هەرێمی کوردستان بە ئەرکی خۆیان هەستن و بەرەو سندوقەکانی دەنگدان بڕۆن.

بارزانی وتیشی: خۆشحاڵین کە قۆناغی یەکەمی دەنگدان بە ئارامی و بەدەنگی بەڕێوچوو. هیوادارم ئەمەش کە دەستپێکردنی دەنگدانی گشتییە، بە هەمان شێوە بە ئارامی بەڕێوەبچێت.

سەرەکی هەرێمی کوردستان ئەوەیش ڕاگەیاند کە، لەڕێوە سوپاسی هەموو هێزە ئەمنییەکان دەکەم کە بە باشی ئەرکی خۆیان جێبەجێ کردووە، دەستخۆشییان لێ دەکەم. هەروەها سوپاسێکی تایبەتی کەمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق دەکەم بە ئەو کارانەی کە گرتوویانەتەبەر و سوپاسی ماندووبوونیان دەکەین." هیوادارم ئەم هەڵبژاردنە سەرەتایەکی نوێ بێت بە هەموو عێراق، گەلی عێراق شیاستی ژیانێکی باشتر و ڕۆژێکی باشترن لە ژیانیاندا، من هیوادارم خزمەتگوزاری باشتر پێشکەشی گەلی عێراق بکرێت بە ئەوەی ژیانێکی باشتر بژین.